www.kurdistannet.org
27/07/2003 23:33

# فیفتی فیفتی کورد و ئاڵای نوێی باشووری کوردستان

هشام ئاکرەیی

ناحەزانی کورد و نەتەوەپەرستەکانی نەتەوەی سەردەست دەڵێن، کورد نیوەی جنووکەیە و نیوەی تریش ئادەمیزادە. ئەم بۆچوونە لە وانەیە ڕاستیەکی بۆی هەبێت، چونکە زۆربەی شتی کورد بە نیوەرۆیی ماوەتەوە و کردوومانە و سوورین لە سەر فیفتی فیفتی تاوەکوو ئاخرین ڕۆژ. جگە لە دابەشبوونی سروشتی کورد بۆ دوو نیوە، کرمانج و سوران و ژن و پیاو، خودی پارتە سیاسیەکانی کوردیش وا پێدەچێت ئاشقی ژمارەی پەنجان. حوکمەتێکی پەنجا بەپەنجا دروستکرا، پەرلەمانێکی پەنجا بە پەنجا. دوایی باشووری کوردستانیان بە نیوەیی دابەشیان کرد و دواترین فیفتی فیفتی، بەشی ئاڵای کوردستان بوو. ئەوەبوو لە ئاهەنگی خولی ١٨ دەرچوونی خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی دەسەڵاتدارانی شار، ئاڵای کوردستانیان لە سەر لایەکی ئاڵا و هی عێراق لە سەر دیوی تری ئاڵایان چاپکرد و بەم شێوەیە ئاڵاکەمانیش فیفتی فیفتی کرا و خوێندکاران ناچارکران ئاڵای عێراق بەرزکەنەوە. وەک ڕەدکردنەوەیەکی خوێندکاران بۆ فیفتی فیفتی کردنی ئاڵای کوردستان، تەنیا دیوی ئاڵای کوردستانیان پێشانیان دەدا.

تازە ئەمریکا ڕێگای داوە کورد ئاڵای خۆیان بەکار بێنن، **پێویست ناکات زلپارتەکان لە بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان بترسن**. وا پێدەچێت ئەگەر کورد سەربەخۆییش بەدەستەوەبێنێت لە باشووری کوردستان، زلپارتەکان لە ترسی تورکیا و ئێران، سەربەخۆیی ڕەد دەکەنەوە و داوای فێدڕالی یان ئۆتوونومی دەکەن.

فیفتی فیفتی باوەڕنەبوونە بە دیموکراسی و دانەنانە بە ڕاستیەکان. فیفتی فیفتی لەوانەیە باشتر بێ لە شەڕی ناوخۆ، **بەڵام بەهێچ شێویەک نابێ فیفتی فیفتی ببێتە شێوەیەکی درێژخایەنی بەڕێوەبردنی دەسەڵات**. ئەگەر تاوەکوو بەر لە هاتنی ئەمریکا بۆ باشووری کوردستان و عێراق، فیفتی فیفتی هەڵبژاردەیەکی باش بێت، بەڵام لە دوای هاتنی ئەو هێزە پێویستی پێی نەما بە تایبەت لەو هەرێمانەی ژێر دەسەڵاتی پەرلەمانی کوردستاندان، چونکە هیچ کام لە پارتە کوردستانیەکان ئێستا، ناوێرن شەڕ لەگەڵ یەکتری بکەن.

ئەگەر زلپارتەکانی باشووری کوردستان سووربن لە سەر دابەشکردنی ئەو هەرێمە و ئامادەنەبن حکومەتێکی یەکگرتوو پێکبێنن و بەرژەوەندی پارتایەتی خۆیان لە سەرووەی بەرژەوەندی نەتەوەیی دابینێن، دەبێ هەر هیچ نەبێ لە هەرێمە تازە ڕزگارکراوەکان، هەڵوێستێکی یەکگرتوویان هەبێت.

دەبێ چەند هەرێمێکی تایبەت دەستنیشان بکرێن وەک ناوچەی ترسناک. لە و ناوچانەدا یان بەجۆرەی ڕێژە، یان بکرێنە **هەرێمی فیفتی فیفتی**. ئەو ناوچانە ئەو شارانە دەگرتەوە کە:

» ڕێژەی کورد لە ٦٥% کەم تر بێت وەک شارەکانی میسل و کەرکووک وەهەندێ شارۆچکەی تر

» تازە ڕزگارکراو بن لە ژێر دەسەڵاتی بەعس

» ناوچە و شارە تەعریبکراوەکان

تەنیا لەم جۆرە شار و گوندانەدا فیفتی فیفتی قبۆڵ دەکرێت. لە شارێکی وەک خانقین کە زۆرینەی کوردە پێویست بە فیفتی فیفتی ناکرێت. فیفتی فیفتی لە شارێکی وەک سلێمانی و هەولێر و دهۆک و زاخۆ لە بارودۆخێکی وەک ئێستادا، تاوانە دەرحەق دیموکراسی و ئازادیە سیاسیەکان و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی. ڕێژەکانی ساڵی ١٩٩٢ نەماون و جەماوەر گۆڕراوە. خودی زلپارتەکان باوڕیان بە ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢ یان نەماوە و هەر لە بەر ئەوەش لە گۆی ٥ کەسی کوردی ئەندام لە ئەنجوومەنی حوکمی عێراقدا، پارتی و یەکێتی سێ ئەندامی تریان هەڵبژارد. (یەکگڕتووی ئیسلامی، د. محمود عوسمان

و پارێزەر دارا) . واتە زلپارتەکان بەرامبەر بە ئەمریکا ناتوانن سووربن لە سەر فیفتی فیفتی یان ٥١% بە ٤٩%. کاتێ قسە دێتە سەر دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، تەنیا ئەو کاتە هەر یەکەو سوورە لە سەر فیفتی فیفتی و ڕێژەی خۆی.

دەبێ جەماوەری خەڵکی کوردستان سیستمی فیفتی فیفتی ڕەد بکاتەوە لە باشووری کوردستان و ئەو سیستەمە سنوردار بکرێت و تەنیا لە هەندێ ناوچەی دەستنیشانکراو پەسەند بکرێت.

دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستان لەو هەرێمانەی پێویستی بە فیفتی فیفتی ناکرێت، چێبەچێ دەکەن و لەو هەرێمانەی چارەنووسی کورد پێوەی بەسترابێ، ڕێک ناکەون و شارێک دەکەنە قوربانی شارێکی تر.

لای جەماوەری کوردستان گرنگە خاکی کوردستان لە ژێر دەسەڵاتی کوردستانیەکان بێت، ڕازی بوون لە سەر بەرێوەبردنی شارێکی وەک خانەقین لە لایەن ئەندامێکی پارتی زەحمەتکێشانەوە، کارێکی مودێرن و دیموکراتیە و دژ ڕاوەستان بەو بڕیارە، دواکەوتوویی و دکتاتوریەتە. لەدەستدانی پۆستی بەرپرسیاری تەربیە و فێرکردن و بەرپرسیاری پۆلیس لە شاری کەرکووک لە ئەنجامی پێشبڕکێی پارتایەتی تەسک، ڕێز نەگرتنە لە هەستی هەر کوردێکی نیشتیمانپەروەر.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت